وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة صلاح الدين ـ اربيل
كليـــة الإدارة و الإقتصاد

# بابەت/ پەیوەندیە ئابوریە نێو دەوڵەتیەكان

# المادة/ علاقات الاقتصادية الدولية

# International Economic Relations


مظفر حمد مصطفى

ماجستير في علوم الاقتصادية / جامعة صلاح الدين

mudhafar.mustafa@su.edu.krd

# یەکەم: تیۆری دافید هیوٚم بۆ بازرگانی دەرەکی:

- هیوم دژی سیاسەتی جیاوازی لەنێوان وڵاتان لەبواری بازرگانی دەرەکی بوو، وای دەبینیٚ کەخۆشگوزەرانی ئابووری لە وڵاتێکدا، ئەوا بەشێوەیەکی ئەرێنی لەسەر وڵاتانی دەوروبەر دەکەوێتەوە. هەروەها بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی ئابووری لەهەریەك لەوڵاتانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئیسپانیا، ئەوا بەشێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری بۆسەر بەریتانیا دەبێت.
- هیوم باوەڕی بەسوودەکانی بازرگانی دەرەکی هەبوو،کە خۆی لەکردنەوەی بوارەکانی هەناردە و هاوردە لەیەك کات دادەبینێتەوە.
- هیوم یەکێك بوو لەلایەنگرانی ئازادی بازرگانی، هەر وەکو لە کتێبەکەی خۆی بەناوی(وتارە سیاسییەکان) ئاماژەی پیٚ کردووە، کە لە ساڵی 1752 بلاٚوی کردۆتەوە.

- هیومِ باسی ئەوە دەکات کە پارە ڕەمزی بەهایە، هۆکارێکە بۆ ئاسنکاری پرۆسەی بازرگانی.
- ئەگەر هاتوو ولاَتێك برێکی زۆری کاڵای هەناردەی دەرەوە کرد، دەبێتە هۆی زیادبوونی لێشاوی پارەی زێدەی ناوخۆی ولاَت، واتە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخەکان، لەکۆتاییەکەیدا دەبێتە هۆی زیادبوونی هاوردەکان و کەمبوونەوەی هەناردەکان.
- کاتێك هاوردەکان زیاد دەبێت، دەبێتە هۆی زیادبوونی دزەکردنی پارە لەزێڕ و زیو بۆ دەرەوەی ولاَت، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی نرخەکان، لەکۆتایی دا دەبێتە هۆی زیادبوونی هەناردەکان و کەم بوونەوەی هاوردەکان.

# دووەم:-تیۆری تێچوونی ڕەها:-

- بنەمای تایبەتمەندی و دابەشکردنی کار، کە بە بەردی بناغە لە لایەن ئادەم سمپ دادەنرێت و داوای جێ بەجێ کردنی لەسەر بازرگانی دەرەکی دەکات. ئەمەو ئادەم سمپ بەرگری لە ئازادی بازرگانی و دەستێنەخستنی دەولەت لە چالاکییە ئابوورییەکان دەکات، ئازادی بازرگانی وا دەکات هەموو وڵاتێك داهات و سامانی زیاد بکات، ئەویش بەهۆی تایبەتمەندی و دابەش کردنی کارەوە، لە ئەنجامی ئازادی و دەستێنەخستنی هەموو وڵاتێك هەوڵی هەڵسوکەوتی مەنتقی بدات، ئەویش بریتییە لەوەی وڵات کاڵا هاوردە بکات لە وڵاتێکی تر، کە تێچوونی کەمتر بێت لەوەی ناوخۆ بەرهەمی بهێنێت. هەروەها تایبەتمەندی وەربگرێت لە بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایەی کە تێچوونی ڕەهای لێ هەیە و دوای ئەوە ئەو بڕە کاڵایەیی زیادبوو لە پێداویستی خۆی ئاڵوگۆڕی پێ بکات.